



سەبارەت بە مامۆستا

# موجتەبا میرزادە

"ژیان وهونەرەکەی"

١٩٤٥ - ٢٠٠٥



درێژەی بابەتەکە لە لاپەڕەی ١٣ بخوێنەوە

# سەبارەت بە
# مامۆستا موجتەبا میرزادە
# «ژیان وهونەرەکەی»
# (١٩٤٥ــ ٢٠٠٥)

**شەهریار جەمشیدی**

**■ پیاداچوونەوە لە ڕووی دیالێکتەوە: ■**

**سەرنووسەر**

موجتەبای میرزادە لە ساڵی (١٩٤٥) زایین لە شاری کرماشان لە دایك بووە، ئەستێرەی بێ بەدیلی ئاسمانی مۆزیکی کوردی. کە بەبەهرە و لێهاتوویی خۆی توانی شێوەیەکی جیاواز لە مێژووی هونەری کوردی دابڕێژێ. زۆر کەس باس دەکەن کە (میــرزادە) موزیکی نەخوێندووە! بەڵام کاتێ خۆی باسی کرد، کە لە سەردەمی منداڵی لە قوتابخانەدا موزیکی خوێندبوو، لە هەفتەدا ڕۆژێك مامۆستایەکی موزیکیان هەبووە، بەناوی (خان باباخانی خوسرەوی) کە لەو قوتابخانەیە تەنیا، موجتەبا بوو کەڵکی وەردەگرت. خان باباخان، بە دەگمەن، ڤیۆلۆنەکەی لە ژێر پاڵتۆ دەردەهێناو بۆ منداڵەکانی لێدەدا، میرزادە زۆر شت لەو مامۆستایە فێربوو، هەروەها لە ساڵانی (١٩٦١) لە کرماشان (مامۆستا فروهەر) شوێنێکی هەبوو، کە ڤیۆلۆنی بە خەڵکی فێر دەکرد، موجتەبا ماوەیەکی کورت مەشقی دەکرد، کە لە ماوەیەکی کورتدا مامۆستا فروهەر هیچ شتێکی تازەی نەبوو کە (میرزادە) وەری بگرێ! تەنانەت میرزادە خۆی بوو بە مامۆستای ئەم شوێنە. ساڵێکیان لە کۆبوونەوەی قوتابخانەکان لە شاری (رامسەر)، لەناو هەموو قوتابخانەیەکانی شارانی ئێران خەڵات وەردەگرێ.

گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد (حەسەن زیرەك) لە ساڵی (١٩٦٢)ز لە شاری (تــاران)ەوە بۆ ڕادیۆی کرماشان دێ، کە قەراریان لەگەڵ دانابوو، لەمانگێکدا چوار بەرنامەی پازدە دەقەیی کوردی کرماشان بەبارمەتی کۆری مۆسیقای رادیۆ تۆمار بکات. ئەم کاتە (حەمەی عەبدولسەمەدی)موزیژەنی بە توانای ئامێری (کلارنێت) سەرۆکی گروپی رادیۆی کرماشان بوو، هاتنی زیرەك بۆ کرماشان توانی، هەستی هونەری میرزادەی لاو بدرکێنێ. میرزادە تا ئەو کاتە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ موزیك وهونەری کوردی نەبوو. ئەوکاتە لێدانی ڤیۆلۆنەکەی تایبەت لەسەر شێوەی مۆسیقای (سونەتی. ئێرانی)بوو. کە لە تاقانە ئۆرکسترای رادیۆی کرماشان هاوبەشی دەکات، وردە وردە لە حەسەن زیرەك، فێری میلۆدی کوردی دەبێ! میرزادە لە شانی زیرەك دەتوانێ هەست و ڕەنگ وبۆنی گۆرانی کوردی وەربگرێ ولەناوگوڵزاری ڕەسەنی موزیکی کوردی سەیران بکات. زیرەك توانی لە ماوەی سێ ساڵ، بەهاوبەشی گروپی رادیۆی کرماشان پتر لەسەد گۆرانی تۆماربکات، (٦٠-٧٠) گــۆرانـی لەوانە تایبەت



بەرهەمی موزیکی میرزادەیە، کە زیرەك میلۆدی گۆرانی دەگوت، میرزادە دەیخوێند، لەوێش تۆماری دەکرد. بۆ دوای ئیوەرۆ کۆڕی رادیۆی کرماشان، لە ستۆدیۆدا موزیکیان دەژەند و زیرەك دەی چری، میرزادە توانی شێوەیەکی جیاواز داڕێژێ. لە هەموو گۆرانییەکانی زیرەك ڤیۆلۆنی میرزادە بەتەنیا خۆی نیشان دەدا. ئەگەر (حەسەن زیرەك) نەبوایە، یان بۆ کرماشان نەدەهات، هەستی قووڵی میرزادەش بەوڕادەیە دیارنەدەبوو! زیرەك لە ساڵی (١٩٦٤) یان (٦٥)کرماشان و ڕادیۆی کرماشانی بەجێ هێشت، ئەو ماوەیە (١٠٠) گۆرانی و مەقام، لەو رادیۆیە تۆمارکرا، ئێستا میراتی نەتەوەکەمانە لە (٤٠)ساڵی ڕابردوودا لە دوای دەرچوونی زیرەك لە کرماشان، ئیتر گۆرانی بێژێك نەبوو، بتوانێ هەستی کوردایەتی و خاوێن، بوونی دەنگی وەك رووباری گێژاو گێژی ئەلوەن پڕ لە چریکەی گەرمیان بێت، یان بەرزایی کوێستانی بێستون لە خەیاڵ بنوێنێ. لە ساڵانی دوایی رۆژێك (خەلیل سدیقی) بۆ دووەم جار توانی هەستی پڕ سۆزی، میرزادە بزوێنێ. خەلیل دەنگێکی تایبەتی کوردی هەبوو، کە ڕەنگی مۆسیقای بێگانە تێدا دیاری نەدەکرد. گۆرانی (فاتیمە) کە هۆنراوەی مامۆستا (ئەحمەد هەردی)یە بە هاوبەشی کۆڕی رادیۆی کرماشان، بە پەنجە شیرینەکەی میرزادە لەگەڵ دەنگی بێ خەوشی (خەلیل سدیقی) ئاورێك لە مێژووی، ئاگرینی کورد دەدا. لە دوای تۆمارکردنی دەڵێن: ڤیۆلۆن لەگەڵ دەنگ وەکو، جووتە کۆترێك، لە ئاسمانی خەیاڵ دەفڕین. سەدیقی گوتی: ئەگەرمیرزادە نەبێ گۆرانی نالێم! مخابن تەمەن یارمەتی نەدا کە جارێکی تر بەرهەمێك لە شان «موجتەبا میرزادە» سازبکا.

گۆرانی هەورامی تا ئەو کاتە تەنیا و بێ موزیك تۆمار دەکرا، دەڵێن ڕۆژێك (حەمە حوسێنی کێنەیی) هاتبوو گۆرانی هەورامی بڵێ، میرزداە دوای ساتێك پرۆڤە لە گەڵی توانی سازی بکا، کە لە پاڵ گرووپی ڕادیۆدا بەستەکانی تۆمار بکات، بۆ یەکەمجار میرزادە توانی موزیك بۆ گۆرانی هەورامی دابنێ.

لە ساڵانی دوای کۆچی زیرەك، گۆرانیبێژانی ناوچەی کرماشان کە زۆر پێیان خۆش بوو، بە سۆرانی گۆرانی بڵێن، بەڵام کەسێك نەیتوانی جێگای زیرەك بگرێتەوە. میرزادە هات بۆ تاران، بە ڕاستیش لەم کاتەدا تا پێش مردنی، ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی، ئێرانی داگیرکرد. بەڵام هونەرمەندانێکی زۆر لە وڵاتی خۆیان دەرچوون،



موزیك لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ڕۆژێك شوێنەواری هونەر و بەستەی گۆرانی بوو، ئێستا بۆتە جێگای هونەر و گۆرانی بێگانە، خۆشەویستی مردووە، بەستە و گۆرانی کوردی ڕەنگە لەناو بچێ. موزیك وەکو میراتێك، تایبەت بوو بە چەند گرووپ و بنەماڵەی ناسراو، کە ئەوانیش لەبەر چاوتەنگییان ناهێڵن کەس بێتەبەرو خۆی بنوێنێ.

میرزادە بە هاتنی بۆ تاران موزیکی کوردی بەجێهێشت، دێتەبیرم ڕۆژێ گوتی:»ئاواتم ئەوەبوو وەکو پەرویزی یاحەقی، ڤیۆلۆن بژەنم. زۆر هەوڵمدا ئازانم تا چ ڕادەیەك سەرکەوتووم. گوتی: بۆ فێربوونی موزیك چوومە تاران «میرزادە (٤٦١) موزیکی فلیمی نووسی کە زۆربەی بەرهەمەکانی (پەرویزی سەیاد) بوو، بۆ گۆرانیبێژە ناسراوەکانی پایی ئێرانی موزیکی ساز دەکرد، میرزادە هونەرمەندێکی لێهاتووبوو. میرزادە لە ژەنینی زۆربەی ئامێرەکاندا شارەزابوو، وەکو: ڤیۆلا، کیبۆرد، نەی، سەنتوور، شایانی باسە توانای لە ژەنینی ئامێری: کەمانچە و سێ تار تایبەت بوو.

ڤیۆلۆنی میرزادە وەکو مەلێك، لە کاتی ژەنین تۆی لەگەڵ خۆیدا دەباتە ناو هەورەکان و سەیرانی لوتکەی کێوەکان. ئەگەر باسی شێوەی لێدانی ئامێرەکەی بێتە پێش، تێکەڵاوێك لە شێوازی (ئێران و عەرەب و تورك) ە، لەگەڵ هەست و ناخی موزیکی کوردی، کە دەبێتە ڕێنگایەکی جیاواز لەژەنینی ئەم ئامێرە، یان باشترە بڵێن،

ڤیولۆنی میرزادە پڕە لە تەکنیکی موزیکی ئەورووپی و دەزگاکانی موزیکی سوننەتی ئێران و لەنجە و ئەشوەی، هەڵپەرکێی کورد و خەمی ئەڤین، بریا لە زانستگاکاندا مامۆستایی کردبا. بە داخێکی گەورە لە وڵاتی ئێمەدا هونەرمەند لەبەر چاوی خەڵکی، قەدری ناکەن لە مێژووی ئاهەنگسازی هونەری کوردی زۆر موزیژەن و موزیکزانی بە توانامان هەبوون، تەنانەت ناویشیان نەماوە، نەك ناوی بەرهەمەکانیان.

لە ساڵانی دواییدا بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیشی هونەری کرد، لەگەڵ (تونبەك ژەنی) بە توانا بەهمەنی ڕەجەبی لە (گرووپی)ـ ژێنوس موزیکال ـ بۆ ناسینەوەی موزیکی ئێرانی سەردانی چەند وڵاتێکی دەرەوەی کرد. دوای هاتنی کۆماری ئیسلامی ئێران، موزیك حەرام کرا. ژیانیان بۆ هونەرمەند تێکەڵ بە ئێش و زام کرد. لە ساڵانی دوایی ماوەی (٥) ساڵ لە وڵاتی ئەمریکا ئیشی موزیکی دەکرد، خۆی گوتی باشترین ڕۆژانی ژیانم لەم پێنج ساڵەدا بوو کە لە ئەمریکا بووم، میرزادە بۆ زۆربەی گۆرانیبێژانی «لوس ئەنجێلس» موزیکی ساز کردو بەرهەمی تۆمارکرد.

لە ساڵانی (١٩٨٣) بۆ سترانبێژی ناسراوی کوردستان «مەزهەری خالقی» چەند بەرهەمی سازکرد کە بۆن و ڕەنگی ژەنینی میرزادە، شێوە جیاوازیەکی بۆ ئامێرەکان، ئۆرکێستراسیۆنی تایبەتی هەیە، لەم چەند بەرهەمەی بۆ خالقی ساز کرد، بە هێزی خۆی نیشان دەدا، کە بە سێ تار و ڤیۆلۆن میرزادە ئاراستە دەبێ، شێوەی ژەنینی هەر وەکو جاران بە (کۆڕی ـ تیپی) ڕادیۆ کرماشان بوو، کە بۆ حەسەن زیرەك کاریان دەکرد، دیارە کە هیچ کەم و کورتی لەبیروباوەری نییە، تەنانەت بەهێزتری کردبوو، لەدوای هاتنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێران موزیکی کوردی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا، تۆمار نەدەبوو، لە تاران تەنیا، ئیسلامی و پاپاشهایی، بە کۆڕی ئێزگەی تاران گۆرانی ئێریڤانییان دەچڕی، میرزادە ماوەیەك سەرۆکی ئۆرکێسترای تەلەفزیۆن بوو، کە لە کاتی گۆڕانەوەی دەزگاکان لایان برد، بەڵام لە دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی، میرزادە زووتر لە تۆمارکردنی بەرهەمی موزیکی موزیکزانانی ئێرانی، بەناو موزیکژەنی سێ تار، کەمانچە یان ڤیۆلۆن، ئیشی دەکرد، بۆ سترانبێژانی وەکو، ئەزیز شاروخ، حوسەین شەریفی، ناسری ڕەزازی، چەند بەرهەمی ئامادەکرد و تۆماریان کرد.

ئەگەرچی لەم ساڵانەدا دەزگاکانی هونەری کوردی، بۆ چەند جار میرزادیان لە ڤیستیڤاڵ و کۆبوونەوەی هونەری داواکرد و بە ڕاستی قەدریان گرت، بەڵام لە وڵاتی خۆیدا بێ کەس و نەناسراو بوو، میرزادە بە تەمای تازەکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی پێشووی بوو، بە داخەوە ژیانی کۆتایی هات.

(فۆرم ـــ شێوەی) موزیکی میرزادە، لە ساڵانی ڕابردوو لە گۆرانییەکانی زیرەك بریتی بوو لە (ئەورتوار یان پێشەکی)، کە ئەم موزیکی سەرەتاییە پێوەندیەکی تایبەتی بە گۆرانییەکەوە هەبوو، دوایی دەستیان دەکرد بە لێدانی پارچە مەقامێك و هۆنراوەکانی ئەم مەقامانە، یان سەر بە فۆلکلۆر بوون و وەریان گرتبوون یان، هۆنراوەی شاعیرانی کورد، کە لەدوای مەقامدا گۆرانییە فۆلکلۆرییەکەیان لێ دەدا، کە بە ڕاستی میرزادە توانی لەم کاتەدا بۆ خۆی شێوەیەکی جیا داڕێژێ. تەنانەت بۆ چەند بەرهەمێ کە لەگەڵ «مەزهەری خالقی» لە ساڵی (١٩٨٣) تۆماری کردبوو، بۆ ئەورتوری گۆرانی موزیکی تایبەتی، هەیە، لەدوای گوتنی میلۆدی گۆرانی پارچە موزیکی جیاواز لە «ئەورتوار»هەیە، کە لەهەر کۆپلەیەك دوای گۆرانی ئەم موزیکە دەگۆڕێ، ئەم چەشنە دەبنە گۆڕانکاری لەسەر کۆپلەی موزیکەکان یان باشتر بڵێین، تازە کردنی فۆرمی نووسینی موزیك بۆ گۆرانییەکە. میلۆدی فۆلکلۆر لەبەر مادەی هۆنراوەکان و چیرۆکیان، لە چوار یا پێنج کۆپلەدا گۆرانیبێژ دەیخوێنێ. شێوەی لێدانی ئامێرەکانی میرزادە تایبەت بوو، بریتین لە:(تەریرەکان «نۆتی ناپاژیاتور» ترێل، شێوەی پەنجەدانانی لەسەر ژێکان، (سونوریتە) تایبەتیەکەی دەنگ دەرهێنانی تایبەت لە ئامێرێك. تەکنیکی باشی کە لە موزیکی کلاسیکی ئەورووپی وەرگرتوو و توانی فۆرم و لێدانی جیاواز لەو کەسانە کە هاتبوون بۆ فێربوونی ئامێری ڤیۆلۆن، تەنیا کەسێك بە ڕاستی کەڵکی لە میرزادە وەرگرتبوو، «سوهێلی ئەیوانی» بوو، کە بەداخەوە ئەویش، تەمەنی لە مامۆستاکەی کورتتر بوو، لێرە دێینە کۆتایی بابەتەکەمان. نووسین لەسەر ژین و بەرهەمەکانی هونەرمەند کاتێك خۆشە کە ئەو کەسە لە دونیادا بێ، کە بتوانی ڕەخنە وەربگرێ، دڵی خۆش بێ لە دەس خۆشیەکانیان، بۆ گەلی کورد زیانی مردنی هونەرمەند، زۆر گرنگە. سەدان ساڵ دێ و دەچێ تا هونەرمەندێکی ئاوا ساز بکرێ.

**لە نووسینی ئەم وتارە مامۆستای خۆشەویستم**
**کاك(موحەمەد کەمانگەر) زۆری یارمەتیمدا،**
**ئاواتم ئەوەیە تەمەن درێژبێ.**
Pishvaz_Kord@hotmail.com